Sefton Council

Trading Standards

# کۆمەڵێك ئامۆژگاری تۆمارکراو بەدەنگ لە خزمەتگوزاری یاسایی کۆمەڵگەوە



Community Legal Service

کوردی

DVD attached

DVD

## پێشەکی

بەخێربێن بۆ دەقی نووسراوی ئاخاوتنی ئامۆژگاری سی‌دی‌ی کارگوزاریی یاسایی بۆ کۆمەڵگە Community Legal Service کە لە لایەن کارگوزاری پێوەری بازرگانی سەر بە ئەنجوومەنی سێفتن (Sefton Council's Trading Standards Service) و ڕادیۆی بی بی سی مێرسی‌ساید و لیژنەی کارگوزاری یاسایی( Legal Services Commission ) ـەوە بەرهەم هێنراوە .

کارگوزاریی یاسایی بۆ کۆمەڵگە( Community Legal Service ) 31 نامیلکە سەبارەت بە بابەتە جیاوازەکانی یاسا دابین دەکات ، ئەم نامیلکانە لە ڕێگای تەلەفۆنکردن بۆ ئۆفیسی لیژنەی کارگوزاریی یاسایی Legal Services Commission یان بەسەردان کردنی ماڵپەڕی www.clsdirect.org.uk بەدەست دەکەون .

هێلی ڕاستەوخۆی تەلەفۆنی کارگوزاریی یاسایی بۆ کۆمەڵگە ( Community Legal Service Direct ) خزمەتگوزاریەکی بەخۆڕاییە بۆ ئێوە ، بۆ یارمەتیدانتان بۆ چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکانتان . دەتوانن تەلەفۆن بۆ 01453454345 بکەن وە قسە لەگەڵ یەکێك لە ئامۆژگارە ڕاهێنراوەکانمان بۆ کاروباری یاسایی دەربارەی بیمەی خۆشگوزەرانی (بەنفێت) و قەرز و خوێندن وە هەروەها دۆزینەوەی کارگوزاریە ناوخۆییەکان بۆ کێشەکانی تر بکەن.

ئەم سی‌دی‌یە کورتەی هەندێ لەو گیروگرفتانەتان دەداتێ کە لەوانەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی ببنەوە .

## سی‌دی‌کە ئامۆژگاری دەربارەی ئەم بابەتانەی خوارەوەی تیادایە :

ئەو گیروگرفتانەی پەیوەندی بە شتومەك و خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە

مامەڵەکردن لەگەڵ قەرزدا

مافەکانت لەسەر کار

مافەکانت ئەگەر هاوسەرایەکەت کۆتای پێهات

پێکەوە ژیان (مافەکانت کاتێك لە یەکتر جیا دەبنەوە )

فرۆشتن و کڕینی موڵك و ماڵ

بەکرێ گرتن و بەکرێ‌دان

لە دەستدانی خانووکەت

داواکردنی پەنابەری

کۆچ کردن و ڕەگەزنامە

ماف بۆ کەسانی کەمئەندام

جیاوازی مامەڵەکردن بەهۆی ڕەگەزەوە

مامەڵکردن لەگەڵ پۆلیسدا

مشتومڕی ناو کۆمەڵگە و نێو دراوسێ

(کۆمەڵێك ئامۆژگاری) بەمەبەستی ڕێنیشاندان و ئامۆژگاری دانراوە لەسەر بابەتە تایبەتیەکانی یاسا ئەگەر هاتوو ناراستەی یەکێك لەو بریکارانە کرانەوە کە ناویان لە لیستی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە .

## ئەو گیروگرفتانەی پەیوەندی بە شتومەك و خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە

ئەگەر هەر گیروگرفتێکت هەبێ لە کڕین یاخود پارە پێدان بە شتێك ، ئەوا یاسا بۆ ئەم مەبەستە هەیە کە دەتوانێت یارمەتیت بدات .

**من دەتوانم چی بکەم ئەگەرهاتوو کێشەم هەبوو لە کڕینی شتێك لە دوکانێکدا ؟**

پێویستە دەستبەجێ بە دوکانەکە بڵێیت، ئەوان دەتوانن پارەکەت بدەنەوە یاخود بە خۆڕایی شتەکەت بۆ چاك بکەنەوە یان بۆت بگۆڕن .

**چۆن ئەوان دەزانن کە ئەوەی لەسەریان پێویستە بیکەن؟**

یاسا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر هاتوو ئەو کەلوپەلانەی (شمەکانەی) ئەو دوکانانە دەیفرۆشن جێگای ڕەزامەندی نەبوو ، ئەو کاتە چی لەسەریان پێویستە کە بیکەن .

**من دەتوانم چی بکەم ئەگەر هاتوو ئەوان یارمەتی منیان نەدا ؟**

ئەگەر دوکانەکە شتەکان ڕاست نەکاتەوە وە یاخود ئەگەر هاتوو کێشەت لە خزمەتگوزاریدا هەبوو ، بۆ نموونە چاککردنەوەی ماڵ ، ئەوا دەتوانیت یارمەتی و ئامۆژگاری لە هێڵی ڕاستەوخۆ بۆ بەکاربەران (واتە کۆنسیومە دایرێکت Consumer Direct)ەوە وەربگریت وە یاخود لەو ڕێکخراوانەی کە ناویان لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە کە لەگەڵ ئەم سیٚدیٚ یەدایە .

## مامەڵەکردن لەگەڵ قەرزدا

ئەگەر لە دانەوەی پارەی کەسێك دواکەوتوویت کە قەرزاری کە ئەم کەسە پیێ دەگوترێت (قەرزدەر) ، ئەوا ئەم قەرزدەرانە بۆ وەرگرتنەوەی پارەکەیان هێزی یاساییان هەیە. هەندێ قەرز لە قەرزی تر مەترسیدار ترە . واتە جددی ترە . وە پێویستە ئەو قەرزانە زووتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت .

**کەوابێت کام جۆرە قەرز پێویستە یەکەم جار مامەڵەی لەگەڵدا بکەم ؟**

**کرێی خانوو و قەرزی خانوو** . ئەگەر پارەی کرێی خانووکەت یاخود قەرزی خانووکەت بەسەردا تێپەڕی و نەتدا ، ئەوا خاوەن موڵك یاخود ئەو لایەنەی کە قەرزی خانووی پێداویت مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو شوێنەت بە فەرمی . ڕەسمی. پیێ چۆڵ بکەن . وە بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەن . واتە خانووەکەت پیێ چۆڵ بکەن . پێویستیان بەوە هەیە بچنە دادگاوە وە ئەمەش لەوانەیە ماوەیەکی پێبچێت ، بۆیە تۆش پێویستە بە زووترین کات دەست بکەیت بە پێدانی پارە بە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك وە هەوڵی ئەوە بدە کە لەسەر پێدانی برە پارەیك ڕێك بکەون بۆ سافکردنەوەی ئەو برە پارەیەی کە قەرزاریت .

**ئەگەر من شوقەیەکم لە خاوەندارێکی ئەهلی بەکرێ گرت ئایا بەشێوازێکی جیاوازتر مامەڵەم لەگەڵدا دەکرێت ؟**

ئەگەر شوێنێکت لە خاوەندارێکی ئەهلی‌یەوە بەکرێ گرت ئەوا پێویستیت بەوە هەیە یارمەتی لە لایەنێکی پسپۆڕەوە . شارەزامەندەوە . وەربگریت .

**ئەی دەربارەی ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە باجی شارەوانی (کاونسڵ تاکس)ـەوە هەیە ؟**

ئەگەر باجی شارەوانی خۆتت نەدا ، ئەوا یەکەم هەنگاو کە ئەنجومەن . کاونسڵ. دەیگرێتە بەر ئەوەیە کە زۆرت لێبکات تاوەکو ئەو پارەیە بدەیت ئەمەش بەوەی هەڕەشەی ئەوەت لێدەکەن کە داوای (فەرمانی بەرپرسیارێتی Liability Order) لە دادگای ماجسترەیتدا لە دژت دەربکەن . ئەگەر دادگا ئەم داوایەی قبوڵ کرد ئەوا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنجوومەن دەتوانێت :

- فەرمانبەری دادی بەکاربهێنرێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارەیە لە تۆ (ئەویش لە ڕێگای بردنی شتومەك یەکسان بە بڕی ئەو پارەیەی کە قەرزداریت ) وە یاخود
- دەرکردنی پارەکە لە کرێی ئیشەکەت یاخود یارمەتی بیمەکەت (واتە بینیفێت ) .

**دوای ئەمە چی جۆرە قەرزێکی تر پێویست دەکات من یەکالآی بکەمەوە ؟**

غاز ، کارەبا ، پارەی تەلەفۆن و ئاو . دەتوانیت ئامۆژگاری لە هەر یەکێك لەو ڕێکخراوانەی کە ناویان لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە وەربگریت ، یاخود دەتوانیت پەیوەندی بە کۆمپانیاکە خۆیانەوە بکەیت بۆ ڕێکخستنی دانەوەی پارەکە .

**چۆن بتوانم قەرزەکانی ترم یەکالآبکەمەوە؟**

هەرکاتێك توانیت دانەوەی پارەی ئەو قەرزە گرنگانەی سەرەوە ڕێکبخەیت ، ئەوا ئەو کاتە سەیری ئەوە بکە داخۆ هیچ پارەیەك بۆ خۆت دەمێنێتەوە ، پاشان ئەو پارەیەی کە دەمێنێتەوە دابەشی بکە لە نێوان ئەو قەرزانەی تردا بۆ ڕێکخستنی دانەوەی هەر قەرزێکی تر یاخود پارەی قەرزی (کرێدت کارد)ـەکانت.

## مافەکانت لەسەر کار

هەموو ئیشکەرێك (کارمەندێك) مافی یاسایی خۆی هەیە بۆ وەرگرتنی بەیانێکی نووسراو کە تیایدا مەرجەکانی کارکردنی تیادا خراوەتە ڕوو . پێویستە ئەم نووسراوە لە ماوەی دوو مانگدا لە ڕۆژی دەستبەکاربوونتەوە وەربگریت.

**ئایا من مافی ئەوەم هەیە لە بەریتانیادا کار بکەم ؟**

چەند دۆکیومێنتێکی جیاواز هەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مافی یاسای کارکردنت هەیە. لەم دۆکیومینتانە:

- ژمارەی ناشناڵ ئینشورانس .
- P45 ی پێشووتر
- مۆڵەتی کارکردن
- مۆری دروست و ڕاست لەسەر پاسپۆرتەکەت (کە ڕێگای کارکردنت پێ‌بدات)

**ئایا چەندم پارە پێ‌دەدرێتێ ؟**

ئێستا ئێمە لە بەریتانیادا کەمترین کرێی کارکردنی نەتەوەیمان هەیە ( National Minimum Wage)، نابێت خاوەن کارەکەت لەم کرێیە کەمتر بدات بە تۆ. نابێت لە لایەن خاوەن ئیشەکەتەوە زۆرت لێبکرێت یاخود لە خشتەبرێیت بەوەی کە مافی خۆت نەدرێتێ لە پێدانی کەمترین کرێی کارکردنی نەتەوەیدا . ئەگەرهاتوو کەمترین کرێی کارکردنی نەتەوەیت وەرنەگرت ئەوا دەتوانیت سکاڵای خۆت بکەیت ، وە تۆ مافی پاراستنی یاسایی خۆتت هەیە لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی نا عادیلانە لەسەر کار دەرکراویت وەیاخود بویتەتە قوربانی دەستی خاوەن ئیشەکەت . ئەگەر هاتوو کەمترین کرێی کارکردنی نەتەوەیت پێ نەدرا ئەوا دەتوانیت سکاڵای خۆت بکەیت لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنی بۆ کەمترین کرێی کارکردنی نەتەوەی . National Minimum Wage Helpline . .

**کەمترین کرێی کارکردنی نەتەوەی چییە (National Minimum Wage )؟**

لە مانگی تشرینی یەکەمی 2005 وە ئەگەر هاتوو تەمەنت لەسەرو 22 ساڵەوە بێت ئەوا لە £5.05 وەردەگریت ، هەروەها £4.25 ئەگەر تەمەنت لە نێوان 18–21 ساڵدا بێت وە هەروەها £3.00 ئەگەر تەمەنت لە نێوان 16–17 ساڵان بێت . ئەم بڕە پارەیە ساڵانە لە هەموو مانگێکی تشرینی یەکەمدا دەگۆڕێت .

**خاوەن کار چەند کاتژمێر کارم پێ دەکات ؟**

لە بۆندی – عەقدی – ئیشکردنەکەتدا یاخود لە بەیانی نووسراوی مەرجەکانی کارکردنتدا پێویستە ئەوەی تیادا هاتبێت کە بە شێوەیەکی ئاسایی چەندە کاتژمێر کار دەکەیت . یاساکانی کاتی کارکردن . Working Time Regulations . ئاماژە بەوە دەدات کە نابێت زیاتر لە 48 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کار بکەیت ، مەگەر خۆت بە نووسین ڕەزامەندبووبێتی لەسەر ئەوەی کە زیاتر کاربکەیت .

**ئایا خاوەن کارەکەم پێویست دەکات کە یەکێتی کرێکارانی من پەسەند بکات ؟**

لەوانەیە خاوەن کارەکەت لە کاتی گفتۆگۆکردن و ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی کارکردندا مامەڵە لەگەڵ یەکێتی کرێکاراندا Trade Unionبکات .

**لە کوێ یارمەتی زیاتری دەربارەی بابەتەکانی ئیشکردنم بە دەست کەوێت؟**

دەتوانیت لەهەریەکێك لەو بریکارانەی ناویان لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە کە لەگەڵ ئەم سی‌دی یەدایە یارمەتی وەربگریت.

## مافەکانت چین ئەگەر هاوسەرایەکەت کۆتای پێهات

**ئایا پیویستیم بە پارێزەر هەیە بۆ تەلآقدان ؟**

ئەو کاتەی بیر لە جیابوونەوە یاخود تەلآقدان دەکەیتەوە لەوانەیە بیرۆکەیەکی باش بێت کە هەندێ ئامۆژگاری لە کەسێکی پسپۆڕ وەکو پارێزەر وەربگریت بەلآم لەوانەیە خۆت بڕیاری ئەوە بدەیت کە بۆخۆت لە تواناتدا هەیە شتەکان یەکالآ بکەیتەوە .

پیویستیت بە هاوکاری پارێزەر دەبێت ئەگەر هاتوو :

- مندالًت هەبوو
- بۆ ماوەیەکی کەم یەکتریتان خواستبوە (بۆ نموونە 5 سالً) : یاخود
- ئەگەر کێشەی پارە و ئەشیاو کەلوپەلتان لە نێواندا هەبوو ، بۆ نموونە یەکالآکردنەوەی مالًەکەتان (خانوەکەتان) .
- خانەنشینی تایبەتت هەیە.

**ئایا من خۆم دەتوانم تەلآقدانەکەی خۆم یەکالآبکەمەوە ؟**

بەلًێ ، بەلآم عادەتەن تەنها ئەگەرهاتوو حالًەتەکەت ئاسان بێت . لە دادگای هەرێمی ناوچەکەی خۆتاندا (واتە کاونتی کۆرت County Court) نامیلکە بۆ ڕێنیشان دان وە هەروەها ئەو فۆرمانەشیان لەلا هەیە کە بۆ ئەم مەبەستە پیویستیت پێیان دەبێت .

**ئایا دەتوانم نەچمە دادگا؟**

بۆ وەرگرتنی تەلآق هەر پێویستیت بەوە هەیە کە بە قۆناغی داداگادا بڕۆییت ، بەلآم (ناوبژیکردن)یش ڕێگایەکی ترە بۆ یارمەتیدانی ژن و مێرد (یاخود ئەو دوو کەسەی بەیکەوە دەژین) بۆ ئەوەی بگەنە پێکهاتن (ڕێکەوتن ) دەربارەی کێشەی منداڵ و پارە کە لە نێواندا هەیە .

**ئایا من پیویستیم بە (ناوبژیکەر) و پارێزەریش دەبێت؟**

کەسانی ناوبژیکەر ناتوانن دەربارەی پێگەی یاسایی تۆ ئامۆژگاریت بدەنێ ، هەر بۆیە لەوانەیە پێویستیت بە پاریزەرێك هەبێت بۆ دلًنیابوون لەوەی کە ڕێککەوتنی نێوان هەردوولاتان باشترین ڕێککەوتنە بۆ تۆ . هەروەها شتێکی گونجاو شیاویشە کە گەیشتن بە هەر ڕێکەوتنێك سەبارەت بە کێشەکانی دارایی بکرێتە فەرمانێك لە دادگاوە .

**ئەگەر من نەمەوێت تەلآق وەربگرم دەتوانم چی بکەم ؟**

دەتوانیت (جیابوونەوەی یاسایی) وەربگریت .

**چیم پێویستە بۆ (جیابوونەوەی یاسایی) ؟**

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسیی لە یەکتر جیابنەوە تەنها پێویستیت بەوە هەیە کە بە یەکەوە نەژین .

**ئایا ئێمە دەتوانین مەرجەکانی لە یەکترجیابوونەوەمان بکەینە شێوەیەکی یاسایی؟**

دەتوانیت گەیشتن بە هەر ڕێککەوتنێك سەبارەت بە منداڵ و پارەوە و مالً ، لەسەر دۆکیومێنتێکی . وەرەقەیەکی . ڕەسمی تۆمار بکەیت . بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە پێویستیت بە یارمەتی پارێزەرێك هەیە. ئەو دۆکیومێنتەش ناوی (بەلًگەنامەی یاسایی بۆ جیابوونەوە لە یەکتری Deed of Separation) . ڕێگای تریش کە هەبێت بریتیە لە وەرگرتنی جیابوونەوە بە شێوەیەکە قەزایی کە لە لایەن دادگاوە دەبەخشرێت .

**کاتێك کە ئێمە لە یەکتر جیادەبینەوە یاخود تەلآق وەردگرین چی ڕوو دەدات ئەگەر هاتوو لەسەر کێشەکانی دارایی پێکنەهاتین ؟**

چەند ڕێگایەکی جیاواز هەن لە ڕێگای دادگاوە بۆ وەرگرتنی پارە لە مێردەکەت یاخود ژنەکەت ، هەروەها دەتوانیت بریکاری پشتگیری بۆ منداڵ (Child Support Agency) بەکاربهێنیت بۆ وەرگرتنی یارمەتی پارە بۆ مندالًەکەت .

**من دەتوانم چی بکەم ئەگەر هاتوو مێردەکەم یاخود ژنەکەم یان هاوشەریکم  کە نەمخواستە ، بەرامبەر  بە خۆم یاخود منداڵەکانم توندوتیژ بوو  ؟**

یەکەم شت ئەوەیە کە هەنگاوی کردەوەیی بنێیت بۆ  پاراستنی خۆت و منداڵەکانت ،  پاشان تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە . ئەگەر پێویستیت بەوە هەبوو کە بۆ ماوەیەکی کاتی ماڵەکەت بەجێبهێڵیت  ئەوا شوێنی پەناگەیی (حەشار) هەن وە دەتوانیت بچیت بۆ ئەو پەناگانە . هەروەها لەوانەیە کە بتوانیت (فەرمانی دادگا) وەربگریت بۆ ئەوەی هاوشەریکەکەت ماڵەکە بەجێبهێڵێت وە هەروەها بێزارکردن و پەلاماردانت بوەستێنێت . پێویستە بە زووترین کات مەوعیدێك بۆ بینینی  پارێزەرەکەت ڕێك بخەیت .  ئەگەر بریندارببوونی  جەستەیت پێوەبوو  ئەوا ئەگەر توانیت وێنەی ئەو برینداریانە بگرە ،  وەیاخود ئەگەر بەڵگەیەکی تریشت هەبوو چونکە لەوانەیە ئەم شتانە بۆ کێشەکەت یارمەتی دەرت بن .

## پێکەوە ژیان (مافەکانت کاتێك لە یەکتر جیا دەبنەوە )

هەندێ لەو کەسانەی کە بەیەکەوە دەژین بە ئاسانی سیستەمی یاسایی نایانگرێتەوە،  تەنها لەسەر ئەو ڕاستیەی  کە ئێوە بە یەکەوە دەژین ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مافی یاسایی یاخود بەرپرسێتی یاسایتان بەسەریەکەوە هەیە . هیچ لایەکتان ناتوانن داوای (پارە ) لەیەکتری بکەن وە یاخود بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی موڵك و ماڵ بە میراتی بۆ بمێنێتەوە ئەگەر هاتوو هاوشەریکەکەی ترت مرد .

**ئایا هیچ شتێك دەربارەی ئەمە دەکرێت؟**

یاسای نوێ کە لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 1995 وە کاری پێدەکرێت ڕێگا دەدات بەوکەسانەی کە هەمان ڕەگەزیان هەیە ( واتە نێر و نێر یاخود مێ و مێ) هاوشەریکایەتی خۆیان تۆماربکەن ، پاشان لەزۆربەی لایەنەکانەوە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە وەك بڵێیت یەکتریان خواستووە . ئەم  یاسایە ئەو نێر و مێیە ناگرێتەوە (کە بەیەکەوەن) و یەکتریان نەخواستووە.

**ئەگەر لە یەکتر جیابووینەوە خانووەکەمان چی بەسەردێت ؟**

ئەگەر ئەو کاتەی  کە لە سەرەتاوە دەست بە پێکەوە ژیان دەکەن ،  پێگەی یاسای خۆتت بە باشی دامەزراند ئەوا دواتر ئەگەرهاتوو لە یەکتر جیابونەوە ئەوا لە گێشەو گرفت ڕزگارت دەبێت . بۆ نموونە ئەگەر لە نێوان هەردووکتاندا خانوویەکتان کڕی ، پێویستە  دڵنیایی لەوە بکەیتەوە کە لە ئەوراقەکاندا ئەوەی تیادا نووسراوە کە چۆن ئەو خانووە خاوەندارێتی دەکرێت وە هەروەها حەزەکانی داهاتوویشت چین.

**چۆن بتوانین ئەم کارە بکەین ؟**

دەتوانن (ڕێککەوتن لەسەر پێکەوە ژیان بەیەکەوە living together agreement) بکەن ، دەتوانیت یارمەتی لە ماڵپەڕی ئەدڤایز سێرڤیز ئەلایەنز  The Advice Services Alliance)  وەربگریت کە ناویان لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە .

**ئەگەر هاتوو منداڵمان هەبوو ئایا پێویست دەکات ئێمە هیچ شتێك بکەین ؟**

ئەو دایکەی کە شووی نەکردووە بەرپرسێتی دایکایەتی  هەیە بۆ منداڵەکانی . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ماف و ئەرکەکانی دایکایەتی هەیە.

**ئەی دەربارەی باوك؟**

باوکیش وەکو دایك هەمان بەرپرسیارێتی و ئەرکی هەیە ئەگەر لە (شەهادەی ) لە دایك بوونەکەدا ناوی باوکەکە هاتبێت یان ڕێککەوتنێك وە یاخود فەرمانی دادگا هەبێت لە پێدانی بەرپرسیارێتی باوکایەتی بەو باوکە.
دەتوانیت یارمەتی زیاتر لەو ڕێکخراوانەوە وەربگریت کە ناویان لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە کە لەگەڵ ئەم سیدیە یەدایە.

## فرۆشتن و کڕینی موڵك و ماڵ

**ئەگەر بمەوێت موڵکەکەم بفرۆشم پێویستیم بە چی دەبێت ؟**

ئگەر وویستت خانوویەك یاخود شوقویەك بکڕیت یاخود بفرۆشیت ئەوا یەکەم شت کە لەوانەیە پیویستیت پیٚ‌ی هەبێت ئەوەیە کە پەیوەندی بە بریکارێکی کڕین وفرۆشتنی موڵك و ماڵەوە بکەیت .

**ئەگەر هاتوو سکاڵانامەیەکت هەبوو، وە ناتوانیت ئەو سکاڵانامەیە لەگەڵ بریکارەکە یاخود لە ڕێگەی یەکێتی پیشەگەرانەوە (ئەگەر ئەندام بێت) چارەسەر بکەیت ، ئایا چی پێویست دەکات کە بیکەیت ؟**

پێویستە پەیوەندی بە (بەشی پێوەری بازرگانیکردن) لە کاونسڵی . ئەنجوومەنی . ناوخۆی شارەکەتانەوە بکەیت . هەروەها (لێکۆڵەرەوە بۆ بریکارەکانی خانووبەرە Ombudsman for Estate Agents) هەن کە سەیری . ڕەچاوی . سکاڵانامە دەکەن . بەهەرحاڵ ، هەموو بریکارەکانی خانووبەرە سەر بەم سیستەمە نین ، هەربۆیە لە پێش هەر بەڵێن بەستنێك لەگەل یەکێك لەم بریکارانەدا باشتر وایە کە لەوە بکۆڵیتەوە کە داخۆ ئەم بریکارە ئەندامی ئەم سیستەمەیە یاخود نا .

**ئەگەر کڕیارێك زانیاری هەڵەی دەربارەی موڵکێك دا لە پێش ئەوەی کە ئەوان ڕەزامەند بن لە کڕینی ئەو موڵکەدا ئایا ئەو کەسانە هیچ داوایەکی یاساییان لە دژ بریکاری خانووبەرکە یاخود فرۆشیارەکە دەبێت ؟**

کڕیار و فرۆشیار بە شێوەیکی یاسایی پابەندن بە ئەو فرۆشتنەوە ، وە ئەو کاتەی هەردوولا ڕێککەوتنامەکە ئیمزا دەکەن وە لەلایەن پارێزەرەکانیان یاخود ئەو کەسەی کە بەرپرسە لە پرۆسەی گوێزانەوەی خاوەندارێتی موڵکەکە لە خاوەنکەوەی بۆ کەسی کڕیار دەگۆڕیرێتەوە ئەوا ئەوکاتە ناتوانن لەو ڕێککەوتنامەیە خۆیان بکشێننەوە . لەم کاتەدا کەسی کڕیار عادەتەن 10٪ ی ئەو بڕە پارەیە دەدات کە لەسەری پێکهاتوون .

هەرکاتێك کڕیارەکە ئەو بڕە پارەیەی تری دا کە لەلای مامەوەتەوە ئەوا ئەوکاتە کاری کڕینەکە تەواو دەبێت .

**ئەگەرهاتوو شتێك بە هەڵەدا ڕۆیشت من دەتوانم چی بکەم ؟**

ئەگەر لە لەلایەن پارێزەرکەت وە یاخود ئەو کەسەی کە بەرپرسە لە پرۆسەی گوێزانەوەی خاوەندارێتی موڵکەکە لە خاوەنکەوەی بۆ کەسی کڕیار ، خزمەتگوزاریەکی خراپت پێدرا وە بە شێوەیەکی قایلکەرانە مامەڵەیان لەگەڵ سکاڵانامەکەتدا نەکرد ئەوا تۆ دەتوانیت ئەمانەی خوارەوە بکەیت :

- بۆ پارێزەر دەتوانیت لە لای( کارگوزاری سکاڵاکردن بۆ بەکاربەران Law Society’s Consumer Complaints Service) سکاڵای خۆت بکەیت. ئەگەر ئەوکات دڵخۆش نەبوویت لە چۆنێتی مامەڵکردن لە چارەسەرکردنی سکاڵاکەتدا ئەوا دەتوانیت سکاڵاکەت بەریتە کارگوزاری لێکۆڵەرەوەی یاسایی Legal Services Ombudsman) .

- بۆ ئەو کەسەی کە بەرپرسە لە پرۆسەی گوێزانەوەی خاوەندارێتی موڵکەکە لە خاوەنکەوەی بۆ کەسی کڕیار دەتوانیت لە لای ئەنجوومەنی مۆڵەتپێدان بەو کەسانە Council for Licensed Conveyancers سکاڵای خۆت بکەیت .

ئەگەر هاتوو تووشە زەرەر بوویت بەهۆی ئەوەی کە پارێزەرەکە یاخود ئەو کەسەی کە بەرپرسە لە پرۆسەی گوێزانەوەی خاوەندارێتی موڵکەکە لە خاوەنکەوەی بۆ کەسی کڕیار شتێکیان نەکردووە کە پێویست بوو بیانکردایە وە یاخود شتێکیان کردووە کە پێویستی نەدەکرد ئەو شتەیان بکردایە ، ئەوا ئەوکاتە لەوانەیە داواکاری قەرەبوەکردنەوەت (بۆ پارە) هەبێت . بۆ کردنی ئەم کارە پێویستیت بە پارێزەر هەیە.

## بەکرێ گرتن و بەکرێدان .

ئەگەر تۆ کرێ یاخود پارە بدەیت بە کەسێك بەناوی خاوەن خانووەوە  بۆ ئەو شوێنەی کە تیایدا دەژی ئەوا  تۆ کرێچیت . یاسا بۆ کرێچیان و خاوەن خانووان یاسایەکی ئاڵوزە وە مافەکانی تۆش پابەندن  بەوەی چی جۆرە ڕێککەوتنێك لە نێواتاندا هەیە .

**چۆن من ئەوە بزانم کە کام جۆرە کرێچیم ؟**
پێویستە سەیری نووسراوی ڕێکەوتنامەکەت بکەیت کە لە خاوەن خانووەکەت وەرتگرتووە . ئەگەر ئەم ڕێککەوتنەت لەلا نیە ئەوا داوا لە خاوەن خانوەکەت بکە تا کۆپیەکت . دانەیەکت . بداتێ . ئەو ڕێکەوتنە پێیدەگوترێت ڕەزامەندبوونی بەکرێدان (واتە عەقدی خانوو گرتن)

**ئەو ڕێککەوتنامەیە چی تیادایە؟**
پێویستە ئەوەی تیادا نووسرابێت کە خاوەن ماڵەکەت کێیە ، ئایا خاوەنەکەی کاونسڵە یاخود کۆمەڵی خانووبەرەیە . هاوسن ئەسۆشیەسین . یان ئەهلیە .

**جیاوازی نێوان ئەمانە چیە؟**
ئەگەر خاوەن خانووەکەت (کانسڵ) یاخود کۆمەڵی خانووبەرە واتە (هاوسن ئەسۆشیەسین ) بێت ئەوا مافی پارێزگاریکردنت زیاترە .
ئەگەر خاوەن ماڵکەت ئەهلی( واتە تایبەت) بێ ئەوا مافی پاراستنت کەمترە بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە یاخود کە کەسێك ئیش بۆ ئەوان بکەن لەو شوێنەدا دەژین وەیاخود بەشێوەیکی کەم و زۆر ڕۆژانە دێنە ژوورەکەوە بۆ مەبەستی پاککردنەوە .

**ئەگەر لە گەڵ کەسێکی تردا هاوبەش بووم لەبەکارهێنانی شوێنیکدا ئایا هەر مافم هەیە؟**
نەخێر ئەگەر هاتوو ناوت لە ڕەزامەندبوونی بە کرێداندا (واتە عەقدی خانووەکەدا) نەبێت .

**ئەی ئەگەر خاوەن مووڵکەکە وویستی ڕەزامەندبوونی بە کرێدانەکە کۆتای پێبهێنێت ؟**
لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەگەر خاوەن موڵك بیەوێت کۆتای بە عەقدی خانووەکە بهێنێت پێویستی بەوە هەیە کە ـکاغەزی. ئاگادارکردنەوەت بداتێ . ئەگەر کرێچییەکە تا کۆتای ئەو ماوەیەی کە لە ئاگادارکردنەوەکەدا دراوە خانووەکەی بەجێ نەهێشت ئەوا ئەو کاتە خاوەن موڵك دەتوانێت دەست بکات بە پرۆسەی (لێسەندنەوەی موڵکەکە) . کرێچییەکە دەتوانێت لە کۆتای ئەو ماوەی کە لە ئاگاداکرنەوەکەدا هاتووە شوێنەکە بەجێنەهێڵێت بەڵام ئەگەر هاتوو شوێنەکەی بەجێنەهێشت و کیشەکە چووە دادگاوە . ئەوا لەوانەیە مەسروفی تێچوونی ئەوە بدات بە خاوەن خانووەکە .

**چی ڕوو ئەدات ئەگەر هاتوو خاوەن خانوو فەرمانی (لێسەندنەوەی موڵکەکە)ی پێ بەخشرا؟**
ئگەر دادگا مافی (موڵکیەتی تەواوی) بەخشی بە خاوەن ماڵ بۆ بەرواڕێکی دیاریکراو وە ئەگەر ئەو بەروارە تێپەڕی ، ئەوا خاوەن خانوو دەتوانن داوای دەسەڵات (فەرمانی وەرگرتن) بکەن . ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە دادگا بە کەسانی ڕەسمی کە ناویان (مەئمووری دادگا)یە دەڵێن بۆ دەرکردنی کرێچیەکە . ئەگەر تۆ کرێچیت وە ئاگادارکردنەوەت لە مەئمووری دادگاوە بەدەست گەیشت ئەوا پێویستە دەستبەجێ ئامۆژگاری و یارمەتی وەربگریت .

بەشێوەیکی گشتی شتێکی نایاسایە بۆ خاوەن خانوو کە بەبێ فەرمانی دادگا کرێچیەکەی دەربکات . چەند حاڵەتێکی کەم هەن کە کرێچی ئەم مافی پاراستنەی نیە . لەوانە ئەگەر هاتوو کرێچی شوێن لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا بەهاوشەریکی لەو ماڵەدا بەکاربهێنن .

ئەگەر تۆ کرێچیت وە لە لایەن خاوەن خانووە (ئەهلیەکەت)ەوە هەراسان کراویت یاخود ڕووبەڕووی دەرکردنی نایاسایی دەبیتەوە ئەوا پەیوەندی بە فەرمانبەری کاروباری کرێ لە ئەنجوومەنی شارەکەی خۆتان بکە .

## له دەستدانی خانووکەت

ئەگەر تۆ ڕووبەڕووی بیٚماڵی و شوێن بوون دەبیتەوە چونکە خاوەن ماڵەکەت دەیەوێت خانوەکەت یاخود شوقەکەت بەجیٚبهێڵێت ئەوا بۆ ئەمە مەبەستە یاسا هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خاوەن خانووەکەت بەشێوەیەکی باش (عادلانە) مامەڵەت لەگەڵدا دەکات وە هەلی ئەوەت پیٚ دەدات بۆ یەکالاٚکردنەوەی ئەو پارەی کریٚیەی کە قەرزاریت . ئەگەر بیٚماڵ و شوێنیت یاخود ڕووبەڕووی ئەوە دەبیتەوە کە بیٚماڵ وشوێن ببیت ئەوا زۆر گرنگە کە بەشێوەیەکی خێرا کار بۆ ئەم کێشە بکەیت.

لە هەمووو دادگاکانی هەرێمی میرسی سایدا (Merseyside County Courts) کەسانی ئامۆژگاریکەریان هەیە بۆ پێدانی ئامۆژگاری کاتێك کە کێشەکانی مولکداری لە دادگادا گویٚی لیٚ دەگیرێت . ئەم کەسانە دەتوانن یارمەتیت بدەن لە ڕوونکردنەوە بارودۆخەکەت وە هەروەها دۆزینەوە ڕێگایەك بۆتۆ تاوەکو لە خانووەکەتدا بمێنیتەوە . هەتا زووتر ئامۆژگاری وەربگریت باشترە .

### کەوابێت بیٚماڵ و شوێن چیە؟

- شوێنت هەیە تیایدا بژیت بەلاٚم ناتوانیت لەو شوێنەدا بمێنیتەوە لەبەرئەوەی نیگەرانیت (یاخود ترست) بەرامبەر بە . سەلامەتی . خۆت هەیە . مەرج نیە ئەو هەڕەشەیە لەکەسێکەوە بێت کە لە ماڵەکەی خۆتدا بژی . لەوانەیە لە دراوسیٚکەتەوە بێت یاخود لە هاوشەرێکی پێشووتری خۆتەوە بێت .
- خانووەکەت لە بارێکی زۆر خراپدایە وە مەترسی بۆ سەر تەندروستیت هەیە .
- هیچ شوێنێکت نیە کە بتوانیت لەگەڵ خێزانەکەتدا تیایدا بژیت.
- لە ماڵ دەرکراویت وە ڕێگات پێنادرێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵە.
- لە کابینە یاخود ماڵیناوبەلەم دا دەژیت وە هیچ شوێنێکت نیە کە بتوانیت بە شێوەیەکی یاسایی ئەوانەی لیٚ ڕابوەستێنیت .

### ئەگەر من هیچ شوێنێکم نەبوو تیایدا بژیم چی بکەم ؟

ئەگەر بیٚماڵ وشوێنیت یاخود لەوانەیە بیٚماڵ وشوێن ببیت وە ئەمەش هەڵەی خۆت نیە ، ئەوا لەوانەیە کانسڵی (ئەنجوومەنی ) شارەکەی خۆت بتوانێت یارمەتیت بدات وە شوێنێکی ترت بداتیٚ کە تیایدا بمێنیتەوە یاخود بژیت . ئەمەش پابەندە بە بارودۆخی خۆتەوە .پێویستە "لە حاڵەتی زۆر پێویست بووندا بیت (واتە لە کەسانی تر زیاتر پێویستت بە شوێن هەبێت ) " وە "مافی یارمەتیدان"ت هەبێت .

### من چۆن بزانم کە مافی یارمەتیدان هەیە؟

ئەگەر عادەتەن لە بەریتانیدا نەژیت یان مافی وەرگرتنی بیمە (واتە بەنفێتت) نەبێت وەیان تازە گەڕابیتەوە لە دوای ئەوەی لە دەروەی بەریتانیادا ژیابوویت ، ئەوا لەوانەیە شمولی یارمەتیدان نەکەیت.

ئەگەر دڵنیا نیت وە یاخود وا هەست دەکەیت کە لەبەر چەند هۆیەکی تر دەتوانیت یارمەتی وەربگریت ئەوا بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئامۆژگاری وەربگریت . ئامۆژگاریکەرەکەت یان پزیشکەکەت یاخود فەرمانبەری کۆمەلاٚیەتی . سۆشیال . ئەگەر هەتبێت لەوانەیە یارمەتیت بدەن لە کێشەکەتدا ئەگەرهاتوو خۆت یاخود هەرکەسێکی تر کە لەگەڵتدا دەژی شکستبارین .

### چی کاتێك کاونسڵ ناتوانێت یارمەتیم بدات ؟

ئەگەرهاتوو کاونسڵ بۆیان دەرکەوت کە تۆ (بە ئارەزوو خۆتت بیٚماڵ وشوێن کردووە) ئەوا لەوانەیە یارمەتیت نەدەن : ئەمە ئەگەر هاتوو بەم شێوانەی خوارەوە بوو:

- خۆت ئەوەت هەڵبژاردبێت کە خانووەکە بەجیٚ بهێڵیت لە کاتێکتدا دەوتوانی تیایدا بژی .
- لەدەستدانی خانووکە هەڵەی خۆت بووە .
- کاونسڵ یارمەتی داویت لە پەیداکردنی شوێنێکی گونجاوتر بەلاٚم تۆ ئەوەت ڕەتکردۆتەوە . یاخود:
- بەزۆر خۆتت کردوە بە بیٚشوێن ومال بۆ بەرژەوەندی وەرگرتن لە سیستەمەکە.

من لەوە تێگەیشتووم کە کانسڵ نابێت بانگەشەی ئەوە بکات کە تۆ (بە ئارەزوو خۆتت بیٚماڵ وشوێن کردووە) ئەگەر هاتوو :

- ئەگەر هاتوو بەهۆی نەتوانین لە پێدانی کرێی خانوەکەت یاخود قەرزی خانوەکەت ماڵەکەت لە دەست دابێت . بۆ نموونە لە دوای لەدەستدانی ئیشەکەت ، یاخود وەرنەگرتنی پارەی بیمە (بەنەقیتەکەت) کە دەوبوایە بتدەنیٚ .
- ماڵەکەت شیاوی ئەوە نیە تیایدا بژی .
- دەربارەی مافەکانی مانەوەت نەزانیووە .

ئەگەر کاونسڵ گووتی کە تۆ بە ئارەزوو خۆتت بیٚ ماڵ شوێن کردووە ئەوا ئەوکاتەش کاونسڵ هەر پێویست دەکات بۆ ماوەیەکی کورت شوێنێکت بۆ دابین بکات ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێکی زۆر پێویست بووندا بیت . بەڵام ئەم شوێن پێدانە تەنها بۆ ئەوەندە دەبێت هەتاوەکو خۆت جێگایەکی تر دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی تیایدا بژیت .

سەبارەت بەوەی دواتر چی پێویست دەکات بیکەیت ئەوا ئامۆژگاری لە کەسێکی پسپۆڕەوە (شارزامەندەوە) وەربگرە چونکە یاسا لەم بوارەدا ئاڵۆزە .

**چی ڕوودەدات ئەگەرهاتوو خاوەن ماڵ بیەوێت ماڵەکەم بەجێبهێڵم**

ئەگەر خاوەن ماڵەکەت ( چی ئەهلی بێت ، یان کاونسڵ بێت یان کۆمەڵەی نیشتەجیٚبوون -واتە هاوسن ئەسۆشیەیشن - بێت) وە بیانەوەیٚ ماڵەکەت بەجێبهێڵێت ، ئەوا زۆربەی کات مافی ئەوەت هەیە لە خانوەکەتدا بمێنیتەوە تاوەکو ئەو کاتەی ئەوان لە دادگا فەرمان وەردەگرن کە ئەمەش پیٚ دەگووترێت (فەرمانی وەرگرتنەوەی موڵکەکە) . عادەتەن ئەمانە پێویستیان بەوە هەیە کە ئاگادارت بکەنەوە لەوەی کەوا ئەم کارە دەکەن ، بەڵام ئەگەر بیانەوێت لەبەر هۆکاری هەڵسوکەوتی دژ بە کۆمەڵگە (واتە نانەوەی گێروگرفت لە دژی کۆمەڵگە) خانووەکەت بەجیٚبهێڵیت ئەوا ئەو کاتە پێویست بەوە ناکات ئاگاداریت بدەنیٚ (واتە لە ڕێگەی دادگاوە فەرمان وەربگرن) .

ئەگەر هاتوو لە خانوویەکەدا یاخود شوقەیەکدا بژی وە شوێنی تیادابوو کە بۆ گوزەران لەگەڵ خاوەن خانوەکەدا بەیەکەوە هاوبەشی بکەن (واتە بەکاری بهێنن) ئەوا ئەو کاتەش خاوەن خانوو پێویستی بەوە نیە (فەرمانی وەرگرتنەوەی شوێنەکە) وەربگرێت ، تەنها پێویستی بەوە هەیە کە هۆیەکی گونجاو. ماقوڵت . بداتیٚ بۆ بەجێهێشتنی ماڵەکە.

**ئەی چی ڕوودودات ئەگەر هاتوو خاوەن ماڵەکەم بیەوێت بەزۆر دەرم بکات ؟**

ئەگەر هاتوو خاوەن ماڵ بەبیٚ فەرمانی دادگا بەزۆر کرێچیەك دەربکات ئەوا ئەمە شتێکی نایاساییە وە هەروەها گۆڕینی قوفڵی دەرگاکەش لە کاتێکدا کە تۆ لەدەرەوەیت هەر کارێکی نایاسایە . بەهەرحاڵ ، ئەگەرهاتوو لە خانوویەکەدا یاخود شوقەیەکدا بژیت وە شوێنی تیادابوو کە بۆ گوزەران لەگەڵ خاوەن خانوەکەدا بەیەکەوە هاوبەشی بکەن (واتە بەکاری بهێنن) وە یاخود خاوەن خانووەکە ژەمەکانی خواردن دابین بکات وە یان ژوورەکەت خاوێن بکاتەوە ئەوا ئەو کات خاوەن خانوو پێویستی بە فەرمانی دادگا نیە بەڵام هەر پێویست دەکات کە هۆیەکی گونجاو و ماقوڵت بداتیٚ بۆ بەجێهیشتنی ماڵەکە .

**ئەی چی ڕوو دەدات ئەگەر هات و خاوەن ماڵەکەم هەراسانم بکات ؟**

ئەگەر هەراسانکرایت یاخود ڕووبەڕووی دەرکردنی نایاسای بوویتەوە لە لایەن خاوەن خانووی ئەهلیەوە ئەوا پەیوەندی بە فەرمانبەری پەیوەندیەکانی کرێچێتیەوە بکە یاخود ( بەو کەسەی کە ئیشوکاری هەراسان کردن و دەرکردنی بەزۆری نایاسایەوە دەکات ) لە کانسڵی شارەکەی خۆت .

هەروەها تۆ خۆتیش دەتوانیت لە ڕێگای دادگاوە کار لە دژی ئەوە بکەیت بەڵام بۆ کردنی ئەم کارە پێویستیت بە یارمەتی یاسایی هەیە .

## داواکردنی پەنابەری

**کێ مافی ئەوەی هەیە داوای پەنابەری بکات ؟**
ئەوە پابەندە بەوەی داخۆ تۆ پەنابەریت یاخود نا. پەنابەر ئەو کەسەیە کە لە دەرەوەی وولاّتەکەی خۆیدایە وە بەهۆی ئەمانەی خوارەوە ترسی تەواوی ڕاستەقینەی چەوساندنەوەی لەسەرە :

- ڕەگەز. جنس.
- دین
- ڕەگەزنامە
- ئەندامی گروپێکی تایبەتی کۆمەڵگە، وەیاخود
- بیروباوەڕی ڕامیاری (سیاسی)

**چی پێویست دەکات بیکەم بۆ داواکردنی پەنابەری؟**
بۆ داواکردنی پەنابەری ، وەرگرتنی یارمەتی لەکەسێکی شارەزامەندەوە گرنگە. هەتا توانیت زوو ئامۆژگاری وەربگرە. هەتاوەکو ئەوە نەسەلمێنرێت کە ترسێکی کەم یاخود هیچ ترسێك لەسەر ژیانت نیە ئەوا ناگەڕێنرێتەوە بۆ وولاّتەکەی خۆت . لەوانەیە بەبێ ئەوەی داواکاری پەنابەریەکەت ڕەچاوبکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ وولاّتێکی تری ئەمین (واتە بێ مەترسی ) . پێویستیت بەوە هەیە ئەوە پێنیشان بدەیت کە ئەگەرێگی گەورە هەیە لە چەوساندنەوەتدا (ئەگەر بگەڕێنرێتەوە بۆ وولاّتەکەی خۆت) .

**چۆن بتوانم داوای پەنابەری بکەم؟**
هەرکاتێك بتەوێت دەتوانیت داوای پەنابەری بکەیت ، بەلاّم عادەتەن پێویستە ئەو کاتەی کە یەکەم جار دەگەیتە بەندرێکی بەریتانیا وە یاخود ئەگەر بەشێوەیەکی یاسای لێرە بژێت بۆ نموونە وەکو قوتابی پێویستە داوای پەنابەری بکەیت . ئەگەر ترسی چەوساندنەوەت لە وولاّتەکەی خۆتدا سەری هەڵدا ئەوا ئەو کاتە پێویستە تۆ داوای پەنابەری بکەیت .

**لە کوێ بتوانم داوای پەنابەری بکەم ؟**

- کاتێك یەکەم جار دەگەیتە ئەم وولاّتە لە لای یەکێك لە فەرمانبەرەکانی کۆچکردن کە لە واجب دایە چی لە فڕۆکەخانە بێت یاخود لە بەندرە کە.
- ئەگەر لە بەریتانیادا بیت ئەوا لە وەزارەتی ناوخۆ لە بەشی پەنجەمۆر داواکردنی پەنابەری ، چی لە لیڤەرپوڵ بێت یاخود لە کرۆیدن.

**من بەچی گوزەران بکەم لە کاتێکدا من چاوەڕوانی دەکەم ؟**
ئەگەر پارەت نەبێت ئەوا دەتوانیت داوای یارمەتی . پارە . بکەیت لە کاتێکدا کە کێسی داواکردنی پەنابەریکەت تاوتوێ دەکرێت (ڕەچاودەکرێت) .

**لە کوێ بتوانم هاوکاری زیاتر وەربگرم؟**
ئەگەر وویستت نوێنەرێکی یاسایی بە خێرایی نوێنەرایتیت بکات ئەوا دەتوانیت لە ڕێگای ( Community Legal Service خزمەتگوزاری یاسایی بۆ کۆمەڵگە) نۆینەرێکی یاسایی بۆخۆت بدۆزیتەوە. هەروەها ڕێکخراوی تریش هەن کە دەتوانن ئامۆژگاری تایبەتمەند سەبارەت بە بابەتەکانی پەنابەری و کۆچکردن دابین بکەن.

## کۆچ کردن و ڕەگەزنامە

**ئایا پیۆیستم بە مۆڵەت هەیە بۆ هاتن بۆ بەریتانیا؟**
ئەگەر تۆ هاولاتی بەریتانی یاخود هاولاتی یەکێك لە ولاتەکانی کۆمۆنوێلس نەبیت ئەوا پێویستیت بە مۆڵەت هەیە بۆ مانەوە ، هەروەها هەندێك کەسیش پێویستیان بە ڤیزا هەیە بۆ هاتنە ناو بەریتانیاوە .

**ئەی ئەگەر من هاولاتیەکی ناوچەی ئابووری ئەورپی (EEA) بم ؟**
سەربەستیت لە هاتن یاخود بەجێهێشتنی بەریتانیا هەر کاتێك خۆت بتەوێت .

**ئەی ئەگەر بمەوێت لە بەریتانیادا ئیش بکەم ؟**
عادەتەن پیویستت بە مۆڵەتی ئیش کردن هەیە ، ئەو کۆمپانیایەی بەنیازیت ئیشی بۆ بکەیت پێویستە داوای مۆڵەتی ئیشکردن بۆتۆ بکەن ، پاشان تۆش پیویستیت بەوە هەیە کە داوای مۆڵەتی مانەوە بکەیت .

**من دەتوانم چی بکەم ئەگەر وویستم زیاتر لەو ماوەیەی لە بنچینەدا پێم دراوە لە بەریتانیادا بمێنمەوە؟**
بۆ ئەمە پێویستیت بەوە هەیە کە داوای لە وەزارەتی ناوخۆ (واتە هۆم ئۆفیس) بکەیت لە پێش ئەوەی مۆڵەتەکەت کۆتای پێبێت .

بۆ زانیاری دەربارەی  پەیوەندیکردن بەو ڕێکخراوانەی کە دەتواتنن ئامۆژگاریت بدەنی ئەوا سەیری نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر) بکە .

## ماف بۆ کەسانی کەمئەندام

یاسای ساڵی 1995 سەبارەت بە جیاوازی مامەڵەکردن بەهۆی کەمئەندامی‌یەوە The Disability Discrimination Act لەوە دەتپارێزێت کە ئەگەرهاتوو بەشێوەیەکی کەمتر پەسەندکراو لەکەسێکی تر مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت بەهۆی ئەوەی کە کەمئەندامیت.

**چی بە کەمئەندامی لە قەڵەم دەدرێت (حیساب دەکرێت) ؟**
لاوازی دەروونی یاخود لاوازی جەستەیی کە بەهۆیانەوە دژە کاریگەری کرداری و درێژخایەنی لەسەر چالاکیە ئاسایەکانی ڕۆژانە هەیە .

**کەی جیاوازی لە مامەڵکردندا ڕوودەدات ؟**
لەوانەیە لەسەر کار ، لە قوتابخانە ، لە کۆلیج ، یاخود کاتێك کە شتێك دەکرێت ڕووبدەن وەیان کاتێك کە شتێك یاخود کارگوزاری‌یەك بەکاردەهێنیت وە یان کە شوێنێك دەکرێت یان بەکرێ دەگری بۆ ژیان.

**چالاکیە ئاسایەکانی ڕۆژانە چین؟**
بۆ نموونە کردنی کارێك ، بەکارهێنانی دەستەکانت ، بەرزکردنەوەی شت ، ڕێکوپێکی یاخود ڕێکخستنی جەستەیی ، قسەکردن ، گوێبیستن ، توانای بینین ، بیرکردنەوە و تەرکیزکردن .

**دەتوانم چی بکەم ئەگەر هاتوو هەستم کرد بەشێوەیەکی کەمتر پەسەندکراو مامەڵەم لەگەڵدا کراوە ؟**
دەتوانیت داوای خۆت بەریتە (دادگای تایبەت بە ئیشوکار) یاخود دادگاوە .  هەروەها دەتوانیت یارمەتی لەو ڕێکخراونە وەربگریت کە ناویان لەو نامیلەکەیەدا هاتووە کە لەگەڵ ئەم سی‌دی‌یەدایە .

## جیاوازی مامەڵەکردن بەهۆی ڕەگەزەوە

جیاوازی مامەڵکردن کاتێك ڕوودەدات کە کەسێك کەمتر لە کەسێکی تر پەسەندبکرێت وە هەردووکیان لەهەمان بارودۆخیشدان . کەوابێت

**جیاوازی مامەڵەکردن بەهۆی ڕەگەزەوە چیە؟**

جیاوازی مامەڵەکردن بەهۆی ڕەگەزەوە ئەو کاتە ڕوو دەدات کە تۆ لەبەر ڕەگەز . جنس . ، ڕەنگ (واتە ڕەنگی پێست .) ، نەتەوایەتی یاخود نەژادەوە لە کەسێکی تر کەمتر بە پەسەندتر مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت.

**ئایا ئەمەش هەروەك پەلاماردان بەهۆی ڕەچەڵەکەوە وایە؟**

نەخێر پەلاماردان بەهۆی ڕەچەڵەکەوە تاوانە ، بۆ نموونە ئەگەر پەلاماردرایت ئەوا پێویستە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت .

**من چی بکەم ئەگەرهاتوو جیاوازی مامەڵکردن لە دژم بەکارهێنرا بەهۆی ڕەگەز . جنس . مەوە ؟**

دەتوانیت ئامۆژگاری لە یەکێتی کرێکاران Trade Union و سەنتەری یاسایی ناوخۆ و سیتزن ئەدڤایس بیرۆ Citizen Advice Bureau یان لە پارێزەرێکەوە وەربگریت .

هەروەها ناوی ئەو شوێنانەی کە دەتوانیت یارمەتی زیاتریان لێ وەربگریت لەو نامیلەکەیدا هاتووە کە لەگەڵ ئەم سیدییەدایە .

## مامەڵکردن لەگەڵ پۆلیسدا

پۆلیس هێزیان هەیە وە کاتێك ئەو هێزەش بەکاردەهێنن ئەگەر بزانن تۆ تاوانێکت کردووە وە یاخود لەوەدایت کە تاوانێك بکەیت بەڵام **من دەتوانم چی بکەم ئەگەر کێشەم لەگەڵ پۆلیسدا هەبوو ؟**

پێویستە پۆلیس بەشێوەیەکی گوفتار خۆش و ڕێزەوە مامەڵەت لەگەڵدا بکات لەبەرئەوە ئەگەر هاتوو پۆلیس بەشێوەیکی خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کردیت ئەوا دەتوانیت سکاڵای خۆت لەلای کۆمیسۆنی بیلایەنی پۆلیس بۆ سکاڵاکردن Independent Police Complaints Commission) بکەیت . زانیاری دەربارەی ئەمان لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا دەبینیتەوە.

**ئایا دەتوانم هیچ شتێکی تر بکەم ؟**

دەتوانیت کاری یاسای بۆ داواکردنی قەرەبوو بکەیت . بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە کە ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەرێکدا بکەیت.

دەتوانیت لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە هێڵی خزمەتگوزاری یاسایی بۆ کۆمەڵگە Community Legal Service Direct ) پارێزەرێك لە ناوچەکەی خۆت بدۆزیتەوە . زانیاری دەربارەی هێڵی خزمەتگوزاری یاسایی بۆ کۆمەڵگە لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە کە لەگەڵ ئەم سیدییەدایە .

**<u>مشتومڕی ناو کۆمەڵگە و نێو دراوسێ (ناوچە ناوخۆیەکان)</u>**

**مشتومڕی ناو کۆمەڵگە یاخود نێو دراوسێ عادەتەن بەهۆی دەنگەدەنگ ، وەستانی ئۆتۆمبیل ، گیانەوەری ناو ماڵ ، بەکارهێنانی زەوی**

**یاخود بەرزی پەرژینەوە سەرهەڵدەدەن . باشە کەوابێت من چیبکەم ئەگەرهاتوو لەگەڵ دراوسێکەمدا کێشەیەکەم هەبوو؟**

**باشتر وایە قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکەیت کە کێشەکەی ناوەتەوە ، لەوانەیە ئەو کەسانە بەوە نەزانن کە ناڕەحتیان بۆ تۆ دروست کردوە .**

**ئایا من دەتوانم چیتر بکەم ئەگەرهاتوو ئەمە هیچ کاریگەریەکی نەبوو ؟**

**دەتوانیت پەیوەندی بە (کارگوزاری ناوبژیکردن)ـەوە بکەیت ، ئەمانە قسە لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەدا دەکەن کە لەو کێشەدا تێوە گلاون وە هەوڵی ئەوە دەدەن کە بگەنە چارەسەرێك .**

**چۆن من بتوانم ئەمە بکەم ؟**

**دەتوانیت لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە (میدیەیشن یو کەی** Mediation UK**) نزیکترین خزمەتگوزاری لە خۆتەوە بدۆزیتەوە کە عادەتەن بە خۆڕاییە و ناوی لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە.**

**دەتوانم چی تر بکەم ئەگەرهاتوو ناوبژیکردن هیچ سوودێکی نەبوو ؟**

**ئەگەر کێشەکە پەیوەندی بە دەنگەدەنگەوە هەبوو ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە ئەنجومەنی . کانسڵی . ناوخۆی خۆتانەوە بکەن . ژمارە تەلەفۆنی ئەنجوومەن لە دەفتەری ژمارە تەلەفۆنەکاندا دەبیننەوە .**

**ئەگەرهاتوو کێشەکەم لە گەڵ منداڵاندا بوو من دەتوانم چی بکەم ؟**

**دەتوانیت پەیوەندی بە ئەفسەری پۆلیسی ناوخۆی کۆمەڵگەوە بکەیت .**

**زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە یارمەتی دەدەن سەبارەت بە کێشەکانی دەنگەدەنگ و مشتومڕی نێوان دراوسێ لە نامیلەکەی (یارمەتی زیاتر)دا هاتووە .**




With special thanks to :-

Tony Snell — BBC Radio Merseyside

Val Roberts — Sefton Council Trading Standards

Alison Mc Calmont-Woods — Sefton Council Trading Standards

Ernie Li — Novas Translation and Interpreting Service

Dene Comish — Printdirect (UK) Ltd

# یارمەتی زیاتر

**Community Legal Service Direct**
tel. 0145 345 4345
www.clsdirect.org.uk

**Consumer Direct**
tel. 08454 04 05 06

**Citizens Advice**
(check phone book for local office)

**Age Concern**
tel. 0800 009 966

**Advice Services Alliance**
www.advicenow.org.uk/livingtogether

**Advisory, Conciliation and Arbitration Service for Employment Problems**
tel: 0845 747 4747

**Amnesty International**
tel. 020 7033 1503

**Commission for Racial Equality**
tel. 020 7939 0000
www.cre.gov.uk

**Consumer Credit Counselling Service**
tel. 0800 138 1111

**Disability Rights Commission**
tel. 08457 622 633
www.drc-gb.org

**Equal Opportunities Commission**
tel. 0845 601 5901
www.eoc.org.uk

**Independent Police Complaints Commission**
tel. 08453 002 002

**Immigration Advisory Service**
tel. 020 796 71200

**Immigration Law Practitioners Association**
www.ilpa.org.uk

**Law Society**
tel. 020 7242 1222

**Liberty**
tel. 0845 123 2307

**Mediation UK (Community Mediation)**
tel. 01179 046661
www.mediationuk.org.uk

**National Domestic Violence Helpline/ Womens Aid and Refuge**
tel. 0808 2000 247

**National Minimum Wage Helpline**
tel. 0845 6000 678

**Ombudsman for Estate Agents**
tel. 01722 333 306
www.oea.co.uk

**Refugee Legal Centre**
tel. 020 7780 3200

**Shelter**
tel. 0808 800 4444
www.shelter.org.uk

ئەگەر حەزت کرد تێبینی لەسەر ئەم کۆمەڵە ئامۆژگارییە بدەیت ئەوا تکایە نامە بنووسە بۆ:

Trading Standards Manager, Environmental Protection Department, 1st Floor
Magdalene House, Trinity Road, Bootle.

Sefton Council
**Trading Standards**

Community Legal Service

novas GROUP